# رۆڵی کەسی کاریزمایی لە شۆڕشەکانی کورددا

**حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ**
husin966@yahoo.com

ئەگەر بە دیقەتەوە تەماشای تۆمار و لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەی کورد بکەین ، ئەگەر خوێندنەوەیەکی بابەتی و جدیمان بۆ شۆڕش و راپەڕین و سەرهەڵدان و یاخیبوونەکانی کورد هەبێت ، بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی هەرە زۆری راپەڕین و شۆڕشەکانی کورد بەناوی کەسی رابەر و فەرماندە یاخود سەرکردەی ئەو شۆڕشانەوە ناو بانگیان دەرکردووە و دەناسرێن و پێناسە و تۆمارکراون وەکو شۆڕشەکانی ( مەلا سەلیمی بەدلیسی و یەزدان شێر و شێخ عوبیداللەی نەهری و شێخ عبدالسلام بارزانی و شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمودی حەفید و برایم خانی دەلۆ و سەید رەزای دەرسیم و....چەندانی تر ) هاوکات بەشێکی تر لەو شۆڕش و سەرهەڵدانانە بەناوی ناوچەکانیانەوە ناوزەد کراون وەکو ( شۆڕشی ئارارات و شۆڕشەکانی بارزان و راپەڕینەکانی ناوچەی زاخۆ و.... هتد )، ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات کەسی هەڵکەوتە و خاوەن کاریزمایی توانیویەتی شۆڕش بەرپا بکات و بەگژ جەور و ستەمی داگیرکەراندا بچێت ، ئەمەش وادیارە رۆڵ و کاریگەری لەسەر خەڵکی ئەو ناوچە و هەرێم و دەڤەرە هەبووە بۆ جۆش و خرۆشاندن و کۆکردنەوەی خەڵکی لە دەورو پشتی شۆڕش و راپەڕینەکان و تەنانەت ئەو کەسە کاریزمایە داینەمۆی بەگڕخستن و هەڵسوڕێنەری توانا مرۆی و بەشەریەکانی جەماوەری سنور و دەڤەرەکەی خۆی بووە .

لە شۆڕشی ئاراراتدا کۆمەڵەی خۆیبون وەکو پارتێکی سیاسی میتۆدی شۆڕشگێڕانەی بۆ سەرخستنی ئەو شۆڕشە دارشت و ئوتوریەتێکی جەماوەری بۆ ئەو شۆڕشە دروست کرد ، و پاشتر لە سەردەمی دروستبوونی کۆماری مەهابادا حزبی دیمۆکراتی ئێران دروست بوو جڵەوکێشی کایە سیاسیەکانی ئەو سەردەمەی بۆ جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی کورد دەکرد ، پاشتر لە سەروەختی شۆڕشی مەزنی ئەیلولدا پارتی دیمۆکراتی کوردستان – عێراق رۆڵی بەرچاوی لە گشتگیر کردن و بەرفراوانکردنی شۆڕشەکەدا هەبوو و ناسنامەیەکی تری بەخشی بە شۆڕشەکە و نەخشە و پلان داڕێژەری هەلایسان و بەرپا کردنیشی بوو .

دروست بوونی پارت و کۆمەڵە و رێکخراوە سیاسیەکان دەوروازەیەکی نوێ و مینبەرێکی شیاو و گونجاوی لە رووی شۆڕش و راپەرینەکانی کورددا واز و ئاواڵە کرد بۆ سازدان و ئامادە و تەیار کردنی خەڵکی کوردستان بۆ بەشداری و هامئاهەنگی کردن لەگەڵ شۆڕشدا و هەناسە و نەفەسێکی درێژی بەخشیە تەمەنی شۆڕش و دینگە و پێگەیەکی مەحکەمی بۆ شۆڕش دەستەبەر کرد ئەویش جوغز و بازانە داخراوەکانی ناوچەی و هەرێمی شکاند و شۆڕشی لە سنورێکی بەربلاودا بە ئایدیای نەتەوەی خاراودا .

گومان لەوەدانییە ئەوە قۆناغەی کە بیر و ئاوەز و ئایدۆلۆژیا هاتوو خزایە ناو شادەمار و رەگە حەیاتیەکانی پرۆسەی گەشەکردن و بەرەو پێشبردنی رەوتی بزاڤی رزگاری خوازی کوردیەوە تەکانێکی بەرچاو بوو هاوکات قەڵمبازێکی گەورەی بۆ کامڵبوون و لە قۆزاخە دەرچوونی ئەو دۆخە مت بووە هاویشت ، دەرگای شکست و مەئیوسی داخست و شۆڕشی خستە سەر راستە هێڵی کۆشش و بەرخودانەکان و عەزمێکی شۆڕشگێڕانەی بۆ ورەی جەماوەر پاماڵکرد .

تاکی سەرکردە خاوەن کاریزما و هزر و ئەقڵی گەشکردنی شۆڕش بوو کاتێك ئەو سەرکردە و رابەرە دەکوژرا یان دەگیرا یان خۆی دەدا بەدەستەوە ئیتر تەخت و تاراجی ئەو شۆڕشە و راپەرینە تێك و پێکدەدرا و سەرلێشێواوی و پاشاگەردانیەك دروست دەبوو ، کەسێك نەیدەتوانی شان بداتە بەر ئەرکی رابەرایەتی کردنی شۆڕش ، و گلێرکردنە و هەڵخلاندنی خەڵکی بۆ درێژەدان بەرەوتی ئەو کاروانە و تەقەلای بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی شۆڕش بدات ، واقعی نوچدان و شکست لە ئەستۆ بگرێت بۆ رەتکردنەوەی دۆخە ناهەموار و شکست خواردوەکە و کارو بارەکانی ئەو جولانەوەیە رایی و مەیسەر بکات بەرە و ئامانج و ئاواتەکانی ، وەکو ئاشکرایە لەگەڵ لە

ناوچوونی سەرکردە و رابەری ئەو بزوتنەوەیەدا شۆڕش و جولانەوەکە بۆ یەکجارەکی هەرەس و شکستی دەخوارد و چرا و مۆمی تەمەنی خامۆش دەبووەوە ، ئەمە فاکتەرێکی بەهێز بووە و کاریگەری و رەنگدانەوەیەکی مەزنی هەبووە لە بەئاکام نەگەیشتن و سەرنەکەوتنی شۆڕشە زۆر و زەبەندەکانی میللەتی کورددا کە بەدرێژای مێژووی ژێردەستەی نەتەوەی کورد شۆڕشیان بەرپا کردووە .

خوێندنەوەی مێژوو تەنها بۆ باسکردن نییە بەڵکو بۆ کەڵك و پەند و سود وەرگرتنە لە رابردوو و دەبێت ئێستا کار بۆ ئەوە بکەین کە ئەو هەڵە و پەڵە و خاڵە لاواز و نێگەتیڤانەی کە تاکی کوردی دووچاری رەشبینی دەکرد و تەنها فریادرەس لە دیدی خەڵکەوە هەبوو هەوڵبدەین و نەوەکانی داهاتوو وا فێر بکەین ئەو پەیامە دەبێت هەر بگاتە مەنزڵ و هەقە جێی خۆی ، بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو تێڕوانیانە دووبارە نەبنەوە تاك ئیرادەیەکی بەهێز وپۆڵاینی هەبێت بۆ بەرپەرچدانەوەی هەرتێفکرینێکی ئاواو لە وچەشن وبابەتە ، ئەگەر بە دیوێکی دیکەدا تەماشا بکەین ئێستا گرد بوونەوە و کۆ بوونەوەی خەڵکی کوردستان لە ناو پارتە سیاسیەکانی کوردستاندا هەمان مانا و مەدلول دەبەخشێ بۆیە پێویستە چاکسازی و ریفۆرم لەو بوارەدا بکرێت ، چونکە ئێمەی کورد هێشتا بە تەواوی کاروانی سەرفەرازیمان نەگەیشتووەتە مەنزڵ و دەبێت تیشوی خەباتمان بەئەزمونتر و دەوڵەمەند تربێت لەچاو قۆناغ و سەردەمەکانی رابردوودا .